# کاریگەریی کولتوور لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی..!

## بەشی چوارەم و کۆتایی

دارا مەحمود

کولتوور ڕیشەی گشت جیاوازییەکانە

ماکس فێبەر

لەکاتی دووان لە پێشکەوتنی و گەشەسەندن و گۆڕان و وەرچەرخان لەکولتووردا هەمیشە کۆمەڵەپرسێك سەرهەڵدەدەن. وەك ئەوەی ئایا کۆمەڵگای ئێمە شیاوی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی بنەڕەتیەو وەها ئامادەییەکی تێدایە..؟ ئایا دەکرێ لەناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی کولتوورێکی نەریتییەو بۆچوونەکان توندڕەوانە پێش لە گۆڕانکاریی دەگرن، نەتەوەیەکی وەك کورد ڕەوتێکی جیاواز لەوەی سەردەست و زاڵە پەیڕەو بکات..؟ ئایا دەسەڵاتی سیاسی کورد لە گەوهەردا باوەڕی بە پێشکەوتن و گەشەسەندنە یان ئەم باوەڕە ڕواڵەتی و سنووردارە..؟

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسانە دەبێ ئەم ڕاستییە بزانین کە هیچ فاکتەرێکی ژینەتیکی وەها نییە توانای پەرەسەندنی بە کۆمەڵێك مرۆڤ بەخشیبێت و کۆمەڵێکی تری لێ بێبەری کردبێت. بەڵام بەدیهاتنەکەشی حەتمی نابێت مەگەر ئەوەی فاکتەرەکانی بەدیهاتنی مسۆگەر بکرێت. ئەو فاکتەرانەی کە کۆمەڵگا و تاکەکانی خۆیان بەدیدەهێنن و دەیخوڵقێنن و ئەگەر نا هیچ شانس و ڕێکەوتێك و هەروا هێزێکی غەیبی لەئارادا نییە وەها کارێك لەبری مرۆڤ وەئەستۆی خۆی بگرێت.

بێگومان فاکتەرەکانی گەشەسەندن گەلێکن. بۆنموونە دەتوانین باس لە فاکتەری جیوگرافیایی بکەین. کۆمەڵناسان، پسپۆرو شارەزایانی ئابووری، دیرۆکناسان...لەمڕووەوە جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکەنەوە، کە بەدرێژایی دیرۆك هیچ شارستانییەك دروست نەبووەو لە دیرۆکی هاوچەرخیشدا هیچ وڵاتێك بەپەرەسەندنێکی هەمەلایەنەو تۆکمە نەگەیشتووە مەگەر ئەوەی شوێنە جیوگرافیاییەکەی کەوتبێتە سەر دەریا. بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاستە ئەی چ وەڵامێکمان بۆ وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك سویسرا، یان نەمسا...هەیە کە هیچکامیان ناکەونە سەر دەریا..!! وەڵامەکەی بێ ئەوەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە بەدرۆبخاتەوە ئەمەیە کە وڵاتانی دەوروبەرو پێکهاتەیەکی جیوگرافیایی گەورەتر کە ئەوان بەشێکن لێی ئەم کەموکورتی و گرفتەی بۆ داپۆشیون. و ئەگەر هەر بەگریمانە وڵاتی سویسرا لە شوێنە ئەوروپاییەکی دابڕین و بیبەینە ئەفریقا یان ئەمریکای لاتین، بێ هیچ گومانێك لەگەشەسەندن بەو جۆرەی ئێسای دەکەوێت و چەندەش پێشکەوتووبێت ئەو پێشکەوتنەی لەچاو وڵاتێکی وەك جیهانی سێهەمدا دەبێت نەك ئەوروپایی.

کەواتە لە ڕووی فاکتەری جیوگرافیاییەوە ئێمەی کورد گرفتێکی گەورەمان لە سەر ڕێگایە. کوردستان، چ وەك پارچە پارچە بیگری و چ وەك سەرجەم ناکەوێتە سەر دەریاو هەڵکەوتەی دەوروبەریشی بگری ئەم گرفتەی چەندان جار قوڵتر دەکاتەوە. بەڵام ناکرێ هیوابڕبین و مل بۆ قەدەرێك بدەین کە بۆخۆمان درووستمان نەکردووە. و لەدرێژەی ئەم باسەدا دەبینین زۆر فاکتەری تر هەن کە دەکرێ ئەوکەلێنانە پڕکەنەوە کە فاکتەرە نێگەتیڤەکان درووستیان دەکەن. بەتایبەتی ڕۆڵی فاکتەری

جیوگرافیا تا دێ لەگەڵ بچووکبوونەوەی جیهان و کاڵبوونەوەی سنوورەکان و پێشکەوتنی هەرچی زۆرتری تەکنەلۆژیای پەیوەندی و هاتووچۆکردن کەمتردەبێتەوە. و لێرەدایە کە ڕۆڵی کولتوور دێتە ئاراوە. ئاستی کاریگەریی کولتوور لە هەموو کۆمەڵگایەکدا وەك یەك نییە. دەکرێ لەیەکێکیاندا یەکلاکەرەوە بێت و لەیەکێکی تریشدا لاوازو کەم ڕۆڵ. کەمن پێموایە بۆ کۆمەڵگایەکی وەك ئەوەی ئێمە لە ئاستێکدایە  دەکرێ بەیەکێك لە فاکتەرە یەکلاکەرەوەکانی دابنێین.
زۆر خاڵی ڕواڵەتی و گەوهەری هەن کە ئێمە لەکۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان جیاکاتەوە. بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێ ئەم جیاکردنەوەیە تەنیا بۆ بەدەستخستنی ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆمانە. بەڵکو دەبێ جیاوازییەك بێت ئێمە لە جیهانی دەروونی و هزریی ئەوان دەربهێنێت. جیهانێك بێت بەڕەوت و ڕێچکەیەکدا بڕوات تەواو جیاواز لەوەی لەدەورو بەرماندا سەردەست و زاڵە. لە دەورو بەرماندا شکەست لەدوای شکەست، هەژاری، دواکەوتوویی، خورافات، جەهالەت، چەوساندنەوە، نەخۆشی، مەرگی ناوادە...سەدە لەدوای سەدە هەر بەردەوامەو هێشتا پێیان وایە ئەوان ڕاستن و دەبێ جیهان بێتە سەر هێڵی ئەوان. ئێمەش لەلایەکەوە بانگاشەی تایبەتمەندی دەکەین و لەلایەکی تریشەوە شانازیی دەکەین کە پەیڕەوی مەزهەبەکەی ئەوانین. دەبێ چ شانازییەك لەوەدابێ کە کورد موسوڵمانەو مەزهەبێکی تری نییە...؟ ئەی ئەگەر ڕێکەوتی ژیانی مرۆڤایەتی و دیرۆك ئێمەی فڕێبدایەتە ئەمەریکای لاتین و ببوینایە بەمەسیحی یان بۆ کۆریاو ژاپۆن بیووینایە کۆنفشیۆسی ئەو کاتە چیمان دەگووت....؟ تاك ماڤی خۆیەتی لەچوارچێوەی سنووری باوەڕو کەسایەتی خۆیدا چۆن مامەڵە لەگەڵ مەزهەبدا دەکات. بەڵام بەزاندنی سنووری تاك و بەکۆمەڵگاکردنی مەزهەب لەلایەن نێوەندو ئۆتۆریتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ بانگاشە جۆربەجۆرەکانی وەك: ناسنامە، تایبەتمەندیی، سەربەخۆیی، مۆدێرنیتە، دیموکراسی...و تەواوی چەمك و واژە نوێیەکانی تردا ناکۆکەو یەکناگرێتەوە،،مەزهەب ئەگەر لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی تاك چووەدەرێ ئیتر مەزهەب نییەو بەشێکە لەکولتوور. وەك ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت. جا ئەگەر ئێمە خۆبە جیهانی دەوروبەرمانەوە هەڵواسین جگە لەوەی لەپاشکۆیەك بەولاوە پێگەیەك بەدەست ناخەین، لەکۆمەڵگایەکی نەریتییشەوە کە تەنانەت نەریتەکەشی نامۆو بێگانەیە تیشکی مۆدێرنیتەو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی جەستەی ساردوسڕی ناو جەهالەتمان گەرم ناکاتەوە.
کەواتە وەك پرەنسیپ کورد ئەگەر بخوازێت و بوێری خۆگۆڕینی هەبێت دەتوانێ جیاواز لەدەوروبەر وەرچەرخان لەخۆی نیشان بدات و پێشبکەوێت.
زۆرکەس پێیانوایە کولتوور وەك نەژاد وایەو گۆڕانی بەسەردا نایەت. بەڵام دواکەوتووترین و نەریتی ترین کولتوورێك بێ ئەوەی پەیڕەوکەرانی بەخۆبزانن گۆڕانی بەسەردا دێت. پرس لێرەدا گۆڕانی گەورە یان بچوك، خێرا یان لەسەرخۆیە. هاواری ئێمە بۆ ئەوەنییە تەنیا لەگەڵ کاروان بین بەڵکو بۆ ئەوەیە لە ڕیزەکانی پێشەوەی کاروانی مرۆڤایەتیدا بین.
یەك لەو لایەنانەش ئەرکی گۆڕین یان دەستپێشخەریی وەرچەرخانی لە ئەستۆیە دەسەڵاتی سیاسییە. کە ئەو دەسەڵاتەش خۆی خاوەنی کولتوورێکی خۆیەتی. و بەردەوام دەخوازێ کولتوورەکەی ئەو

سەردەست و زاڵ بێت و یانیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو شتانەی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەودا دێنەوە بیانکات بە کولتوور.

دەسەڵاتی سیاسی کورد، بەڕواڵەت بانگاشەی پێشکەوتن دەکات بەڵام لەناوەرۆکداو گەوهەری خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، واتا جووڵان بەرەو گەشەسەندنی ئابووری، خۆشگوزەرانی مادی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموکراسی سیاسیدا ناکۆکە. و بەپێچەوانەوە پابەندبوونی هەرچی زۆرتری کۆمەڵگای کوردی بە نەریتەوە زەمینەی لەبار بۆ مانەوەی دەسەڵاتێکی نەریتی و کولتورێکی سیاسی لەکارکەوتوو خۆشتر دەکات. عەقڵیەتی سەرکرایەتی سیاسی کورد بەر لەوەی بیری بەلای گۆڕین و وەرچەرخاندا بێت پتر لەلای مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیەتی. و بەرپرسان هەمیشە دەستەواژەیەك دووپات دەکەنەوە کە ئێمە نابێ لە داب و نەریتی خۆمان دەربچین.!! وەها دەستەواژەیەك چەندە بێواتایە بەتایبەتی کاتێك لە بەرپرسێکی سیاسی هەرە باڵاوە دەربچێت. داب و نەریت کاتێك دەبێ پێیانەوە پابەند بین کە ڕێگای گەشەسەندن نەگرن و دەنا دەبێ توریاندەین و بۆ دۆزەخیان بنێرین. هەڵبژاردنمان بۆ داب و نەریت نابێ لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە داب و نەریتی ئێمەیەو تەواو. بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایەی چیمان پێشکەش دەکات و چەندە یارمەتیدەری پێشکەوتنەکانمانە.. ڕەنگیشە بەرپرسانی سیاسی و دەسەڵاتداران لەدەروونەوە ئارەزووی گەشەسەندن بکەن بەڵام بەومەرجەی ئەو گەشەسەندنانە لەسەر حسابی لەدەستدانی دەسەڵاتەکەی ئەوان نەبێت کە ئەمەش ئارەزوویەکی مەحاڵ و تەنیا خەون و خەیاڵە.

لەم بۆچوونانەی سەرەوە ئاماژەمان بەکاریگەرییە باش و خراپەکانی کولتوور کردو ئەگەر بێت و ئێمە لە ئەنجامی گفتوگۆو دیالۆگێکی بەرفراوانترەوە درێژە بەم باسە بدەین پتر لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی کولتووری خۆمان ڕێکدەکەوین. بەڵام ڕێکەوتنێکی واش تەنیا هەنگاوی یەکەم دەبێت . دەنا گۆڕینی هیچ کولتورێك بە تەنیا بە بڕیاری مرۆڤەکان نابێت بەڵکو لەمە گرنگ تر گۆڕینی هەلومەرجە مادییەکانە.

بەر لەهەرشت دەبێ قبوڵ بکەین کە ئێمە پەیڕەوکەری کولتورێکی نەریتین و لە کولتووری نەریتیشدا تواناو بیر کردنەوەی مرۆڤ سنووردارە، و عەقڵی مرۆڤ بچوکە. خودی ژیان بچوك و بێ ناوەرۆکە. و هەر بۆیەش ڕۆڵی لە گۆڕینی جیهان و گەردوون و یانیش بە واتایەکی تر سوود وەرگرتن لە سروشت یان سنووردارە و یانیش بەبارە نیگەتیڤەکەیدایە..! و کولتوور، بەواتا فراوانەکەی خۆی، ژیانی ئێمەی خستۆتە سەر تولە ڕێگایەکی باریك و تاریك کە هیچ لایەکی خۆمان نابینین و کوێرانە ڕێگا دەبڕین. پێمان تەڵقین بووە کە قەدەرمان ئەمەیە بەم شێوازە بژین. و ئێمە لە ڕواڵەتدا خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین و دەمرین کەچی هێشتا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بیرو بۆچوون و مێشکماندا، لە کولتورماندا نەهاتۆتەدی. پارتێك دەڕوات و یەکێکی دی دێت ڕژێمێك دەڕوات و یەکێکی دی دێت. سەرکردەیەك دەڕوات و یەکێکی دی دێت...هەموو هیوایەکانیش لە سەر گۆڕین و پێشکەوتنن. بەڵام چۆن بووە هەر وادەبێت. چونکە مرۆڤەکان و بەواتایەکی تر عەقڵی مرۆڤەکان و ماهییەتیان چی بووە هەر ئەمەیە. ئەگەر گۆڕانکارییەکیش هەبێت یان لە ژێر کاریگەریی شەپۆلی گۆڕانکارییە جیهانییەکانە و یانیش ئەگەر خودی بێت بچوك و کەم کاریگەرە.

مرۆڤ بۆی هەیەو بەڵکو یەك لە ئەرکەکانیشیەتی کە هەمیشە پێی وابێت وەك تاکە بوونەوەرێکی عاقڵ بە دوو دیودا ژیان ببینێت. دیوی یەکەم: وەڵامی ئەم پرسانە لە خۆبگرێت کە من چیم، بۆ هاتوومەتە ژیانەوە و ئاکامم چۆن دەبێت..؟ وەڵامەکەشی ئەمەیە کە من بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ و هۆشم و توانایەکی بێ سنوورم هەیەو لەتوانامدایە سروشت و دەوروبەرم بەوجۆرە بگۆڕم کە ژیان و بەختەوەریم بۆ دابین بکات، لە هەبوونی ژیانم و هەڵبژاردنی ژیاتدا هیچ ڕۆڵێکم نەبووەو چ بە ڕێکەوت بووبێت یان قەدەر من ئەمەم کە هەم و چارەنووسیشم مەرگە. و لەبەر ئەمەش چارەنووسم مەرگێکی حەتمییە من بۆم هەیە بەو جۆرەی دڵم دەیخوازێت و بوارم هەیە و ڕەوایە سوود لە ژیان وەربگرم.

دیوی دووهەمیش: ئەمەیە کە مرۆڤەکان لە هەوڵدانیاندا بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان و بەدەستخستنی خواست و بەرژەوەندییەکانیان هەمیشە دەبنە ڕێگر لەبەردەم یەکتر و بۆ ئەوەش ئەم ڕێگەگرتنە کەم بکرێتەوە یان مرۆڤەکان ڕووبەڕووی یەك نەبنەوە بایەخ دێتە ئاراوە. بایەخیش ڕێکەوتنی مرۆڤەکانە لە گەڵ یەکتر کە ڕێگرنەبن لەبەردەم خواست و ئارەزوو و خۆشیەکانی یەکترو ئەگەر پێویستیشی کرد لە خواستێکی خۆی دەستهەڵگرێت تا بەرامبەرەکەشی لەشوێنێکی تردا لە پێناوی ئەودا دەست لە خواستێکی خۆی هەڵگرێت.

جیاوازی دوو کولتووری نەریتی و دینامیکی. لە هەبوون و نەبوون، یان لە ڕەخساندن و نەڕەخساندنی هەلومەرجی پێشکەوتندایە. ئیستیعدادی زاتی مرۆڤ چەندە زۆر بێت، ئەگەر هەلومەرجێکی گونجاو و بواری لەبار نەڕەخسن تواناکان گەشە ناکەن و دەپوکێنەوە. و بە گشتی ئەوە هەلومەرجە، مرۆڤەکان بەسەر باش و خراپدا دابەش دەکات. ئەگەر ئێنیشتاین زیندوو بکەیەوەو بەمنداڵی بیبەی بۆ نموومە بۆ سۆمال، ئیتر هەرگیز ئەو ئێنیشتاینە بەدینایەت کە ئێمە دەیناسین یان ناویمان بیستووە بەڵکو دەبێتە سۆمالیەکی بێ ناوو ناوبانگ.

هەر کولتورێك لە ئەنجامی کۆمەڵێك هەلومەرجی دیرۆکی، وسروشتییەوە بەدیهاتووەو پێویستە بەگۆڕینی ئەو هەلومەرجانە کولتوورەکەش گۆڕانی بەسەردا بێت. شتێکی بێ واتایە بیابان نشینێك کە لە ڕابردوودا خواردنی سەرەکی بریتی بووە لە کوللە ئەمڕۆش بە هەبوونی جۆرەها خواردنی باش و خۆش هەر کوللە بخوات و بڵێت کولتوری منە..!

ئەگەر ئەوبەشەی جیهان کە پێی دەگوترێت جیهانی مۆدێرن و دینامیکی و ئازاد، ئەمڕۆ توانیویەتی دیدو دەسەڵاتی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ، زاڵ بێت و هەمووشتێك وەرگێڕێتە سەر سوودو بەرژەوەندی خۆی تەنیا بەو هۆیەوەیە کە توانیویەتی کولتووری کاری سەخت و داهێنانی لەحزەبەلەحزەو ئازادکردنی هزر بهێنێتە کایەوەو لەبری پشت بەستن بە هێزی غەیبی و نادیارو خەیاڵی پەرە بە کولتووری عەقڵانییەت بدات.

کولتوور چ کۆن و چ نوێ، چ دێهاتی و چ شاری، دینامیکی یان نەریتی...دەکرێ سوودمەند بن و دەشکرێ زیانبەخش. بەڵام گرنگ ئەمەیە کاتێك ڕۆشنبیران و نوخبەی سیاسی و بەشێکیش لەکۆمەڵگا هەستیان کرد چەوتییەك لە کولتووردایە بیگۆڕن و لەمەش گرنگتر ئەوەیە میکانیزمی گۆڕینی پەیدا بکەن. بەدەستخستنی توانای گۆڕینی کولتووری چەوت کارێکی هێندە ئاسان نییە، بەڵام چەندە سەخت

و زەحمەتیش بێت لەوەی شانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بدەیەبەر بەولاوە چارەیەك نییەو بەبێ ئەم گۆڕانکارییانە گەشەسەندن بەدی نایەت.

بەخۆداچوونەوەو مامەڵەیەکی لۆژیکمەندانە لە گەڵ کولتوورو دەستهەڵگرتن لە کولتووری زیانبەخش، هەڵگەرانەوە لە دیرۆك و لەخۆ نییە. بە پێچەوانەوە سەرکەوتنە بە پەیژەی دیرۆکدا. مرۆڤ بێ دیرۆکی مرۆڤایەتی و بێ ئەزموونەکانی، مرۆڤێکی دواکەوتوو و هیچ لەدەست نەهاتوویە. سادەترین کارێك، نووسینی تاکە وشەیەك، داکوتانی بزمارێك،... مۆرك و کاریگەریی و بەشداریی سەرتاپای دیرۆك و مرۆڤایەتی پێوەیە.

مرۆڤی دابڕاو لەدیرۆك مرۆڤێکی تەنیایەو سادەترین کارێکی پێ ئەنجام نادرێت. ئەگەر من بزمارێك بەسەر تەختەیەکدا بکوتم، بەم واتایەیە کە لە واقیعدا تەواوی مرۆڤایەتی ئەم کارەی کردووە نەك بەتەنیا من. چونکە من بۆ ئەوەی ئەو بزمارە دابکوتم پێویستم بە بزمارو چەکوش و تەختە هەیە. کە ناچارم لە شوێنی تر بەدەستیان بهێنم. واتا ئەو کارگەیەی بزمار درووست دەکات. ئەو کارگەیەش بۆ درووستکردنی بزمار پێویستی بە ئاسن و دەزگایەك هەیە کە ئاسنەکە بکاتە بزمار. و بەناچاری دەبێ ڕوو لەسەرچاوەیەك بکات کە دەستگاو ئاسنی بۆ دەستەبەر دەکات. و ئیتر بەم جۆرە دەبینین هەریەك پێویستی بەوی ترەو هەرگیز ناگاتە کۆتایی و یان دەگەینە ئەو مرۆڤە سەرەتاییەی یەکەم جار بە بەردێکی تیژ داری تاشیوە. ئەمەش بەم واتایەیە کە ئێمە بێ دیرۆك و بێ هەبوونی یەکتر لە مرۆڤێکی سەرەتایی بەولاوە شتێکی تر نین.

لە کۆتاییدا دەڵێم: پابەند بوون بە نەریتەوە خەسڵەتی کۆمەڵگای دواکەوتوویە. بەڵام بەر لەوەی باس لە دواکەوتوویی بکەین دەبێ بڵێین خەسڵەتی کۆمەڵگایەکی چەوساوەو نائازادە. چونکە هەر کۆمەڵگایەك دووچاری چەوساندنەوەو سەرکوتکردن بێت و مافەکانی لێ زەوت بکرێت، وەك کاردانەوەیەك، یان وەك کاردانەوەیەکی سروشتی دەبێتە کۆمەڵگایەکی دۆگماو وشك و ڕوو لە ڕابردوو. و بنەمای ڕەفتارو دیدی بۆ دەورو بەر لەسەر نەریت و کولتوور وەك پێوەرو یاسا دادەمەزرێت.


سەرچاوەو پەراوێزەکان

1-لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون- اهمیت فرهنگ. ترجمە انجمن توسعە مدیریت ایران. موسسە انتشارات امیرکبیر- تهران1383 ل27

2- دکتر منوچهری محسنی- جامعەشناسی عمومی. انتشارات طهوری چاپ هجدهم تهران-1382 ل206-207.

3- هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەڕە.

4- لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون. سەرچاوەی پێشوو. ل123

5- هەمان سەرچاوە ل499

6- دکتر محمد حسین فرجاد- اصول و مبانی جامعە شناسی انتشارات اساطیر. تهران- 1372 ل69-72.

7- دکتر منوچهر محسنی. سەرچاوەی پێشوو ل211

8- دكتر حسين بشيريه- جامعه‌شناسی سیاسی. نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی. نشرنیز چاپ ششم 1379- تهران ل253

9- لارنس هريسون- ساموئل هانتينگتون. سەرچاوەی پێشوو.ل226

10- هەمان سەرچاوە ل228

11- هەمان سەرچاوە ل456

12- هەمان سەرچاوە ل 124